# ئافرەتانی سیاسەتمەدار بە بۆنەی (8)ی مارس ەوە بەرنامەی خۆیان دەخەنەڕوو

بڕیارە ڕۆژی ٢٠١٨/٥/١٢ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەبچێت. بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەگشتی و لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە بەتایبەتی، لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هاتووەتەئاراوە، هاوکێشەکانی بەشێوەیەک گۆڕیوە، هیچ لایەک ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکات، کە دەنگدەران چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن . سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیش ئاماژە بەوە دەکات کە جگە لە کەرکووک، کاندیدیان لە هەموو پارێزگاکان ئامادە کردووە، ئافرەتانی پاڵێوراوبە بۆنەی (٨)ی مارسەوە بەرنامەی خۆیان بۆ خزمەتکردنی دۆزی کورد بەگشتی و پرسی ئافرەتان بەتایبەتی دەخەنەڕوو.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

د. ڤیان سەبری، لە دەستپێکی ئاخافتنەکەیدا بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێت: «پێش هەموو شتێك دەمەوێ سوپاسی سەرۆك و سەرکردایەتی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم بۆ ئەو متمانەیەی بە منیان بەخشی و وەك سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای دهۆك دەستنیشان کرام، ئەوەش لە دەرەنجامی پاڵپشتیی حزبە بۆ ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی و هەر لە ساتەوەختی دامەزراندنی پارتی لەسەر دەستی سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی، پشتگیری لە ئافرەت و مافە رەواکانی کراوە.» هێما بۆ ئەوەش دەکات کە ئافرەتی کورد بەردەوام بە دەست حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە چەوساوەتەوەو مافەکانی پێشێل کراوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لە چەند ساڵی رابردوو و دوای راپەرینە جەماوەرییەکە و خەبات و تێکۆشانی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی خودی ئافرەت، توانی تواناکانی خۆی لە کۆمەڵگەدا بسەلمێنێت، لەو کاتەوە ئافرەتی کورد لە ژینگەیەکی دیموکراسی برەو بە کارو چالاکییەکانی دەدات، تەنانەت لە ناو پارتە سیاسییەکانیش لە ئێستادا رۆڵ و پێگەی ئافرەت دیارتر بووە.» گوتیشی: «ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردی تا ئەمڕۆش کۆمەڵگەیەکە لە تێکڕای جومگەکانی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنیدا پیاو باڵادەستە، بەڵام پێداگیریی ئافرەت و سووربوون لەسەر هەوڵ و تێکۆشانەکانی رۆڵێکی ئەرێنی بە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی بەخشیوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا بەشێك لە ئافرەتان پێویستیان بە پاڵپشتی و پاراستن هەیە، چونکە لە زۆر بواردا زوڵم و ستەمی دەرحەق دەکرێ، بۆیە بوونی ئافرەت لە پەرلەمان زۆر گرنگە، هەتا بتوانێت پێشڕەوی بزاڤێك بێ کە رۆشنایی بخاتە سەر داهاتووی ئافرەت و گرنگی بەو بڕیارانە بدات کە لە بەرژەوەندی ئافرەتان دەردەچن و پەلە بکات لە جێبەجێکردنی».

د. مەیادە نەجاڕ کاندیدی ژمارە ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەبارت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان هەر کاندیدێك کە دەچێتە پەرلەمان، کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ دەکەوێتە سەرشانی، منیش چەند پڕۆژەیەکم هەیە، کە لێرەدا دەیخەمەڕوو:

*** ئەو پڕۆژانەی پەیوەستن بەهەرێمی کوردستانەوە**

- پێداگریکردن لەمافە سەرەکییەکانی گەلی کورد بە هەموو جۆرە و بەتایبەتی ئەو مافانەی کە لێی بێبەش کراوە.
- هاندان و هەوڵدان بۆ جێبەجیکردنی مادەی ١٤٠ و گەڕاندنەوەی گشت ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.
- هەوڵدان بۆ ئەوەی شایستە داراییەکانی هەریمی کوردستان لەکاتی خۆیدا خەرج بکرێت.
- پێویستە لە رێگەی یاساوە بەرگری لە مافی ئافرەتان بکرێت، چونکە لە عێراق زۆر یاسا هەیە کە دژی مافی ئافرەتە و پێویستە ئیمە رێگری بکەین لە دەرچوونی وەك یاسای جەعفەری کە رێگە بە هاوسەرگیری منداڵان دەدات، دەبێت ئێمە کار لە سەر ئەوە بکەین کە یاسای باری کەسی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە شێوەیەکی تۆکمە جێبەجی بکرێت، کە مافەکانی ئافرەتانی تێدا پارێزراوە.
- پێویستە هانی رێکخراوەکانی ئافرەتانی عێراق و هەرێمی کوردستان بدرێت، بۆ ئەوەی کاری زیاتر بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و شکۆی ئافرەت بکەن.
- دەبێت کار لەسەر جێبەجێکردنی سیستەمی کۆتا لە دامەزراوەکانی دەستەڵاتی جێبەجێکردندا بکرێت.
- دابینکردنی هەلی کار لەکەرتی تایبەت بۆ ئافرەتان و هاندانیان بۆ بەشداریکردن لەم کەرتەدا.
- دەبێت بە یاسایەك پڕۆژەی قەرزی بچووك و مام ناوەند بۆ ئافرەتان دابین بکرێت و لەم چوارچێوەیەدا هانی ئافرەتان بدرێت بۆ زیاتر وەگەڕخستنی تواناکانیان.
- دابینکردنی هەلی پێویست بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە تۆڕی دیپلۆماسی لەچوارچێوەی یاسایەکی دیاریکراودا، بە جۆریك دەبیت ئافرەتانی کورد لە نێو تۆڕی دیپلۆماسیدا وەك (باڵیۆز، جێبەجیکاری کارەکان و کونسوڵ و .. بەشدار بن.
- کارکردن بۆ دروستکردنی ئەکادیمیایەکی نێودەوڵەتی و تایبەت بە ئافرەتان لەسەر بودجەی پەرلەمانی عێراقی کە ئەرکی ئەم ئەکادیمیایە پێگەیاندنی ئافرەتانی کورد بێت لە گشت بوارەکانی: رێکخراوەیی، ئابووری، سیاسی و دیپلۆماسی و گشت سێکتەرە هەستیارەکان، لەم چوارچێوەیەدا هەموو ئافرەتێك لەم پڕۆژەیە سوودمەند دەبیت.
- دارشتنەوەی سیستەمی پەروەردە بە جۆرێك رێز لەبنەماکانی مافی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتان بگرێت.
- دارشتنی پڕۆگرامی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی کچان لە تەمەنی نەوجەوانیدا.
- هاندانی ئافرەتان بۆ کارکردنیان لەکەرتی تایبەت و هەموارکردنەوەی یاسای کار بە جۆرێك مافی کەسی کرێکار پارێزراو بێت .
- لەکاتی پێدانی قەرزی بچووکدا هانی ئەو پڕۆژانە بدرێت کە پەیوەستە بە ئافرەتانەوە.

*** کارکردن لەسەر بەجینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزیدییەکان لەسەر ئاستی جیهان.**

- دروستکردنی سەنتەری چارەسەری دەروونی لەگشت ناوچەکەکانی ئێزیدییەکان و بەتایبەت شنگار و دەوروبەری.

بوونی ئافرەت لە پەرلەمان زۆر گرنگە، هەتا بتوانێت پێشڕەوی بزاڤێک بێ، کە رۆشنایی بخاتەسەر داهاتووی ئافرەت و گرنگی بەو بڕیارانە بدات و پەلە بکات لە جێبەجێکردنی کە لە بەرژەوەندیی ئافرەت دەردەچن

پێویستە هانی رێکخراوەکانی ئافرەتانی عێراق و هەرێمی کوردستان بدرێت، بۆ ئەوەی کاری زیاتر بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و شکۆی ئافرەت بکەن

ئامانجم ئەوەیە کە چوومە پەرلەمان یەکێک لە پڕۆژەکانم ئەوە بێت کە بە شێوەیەکی تایبەت خزمەتی ئەو ئافرەتانە بکەم کە توانای ماددییان کەمە بۆ خوێندن و بەردەوامبوون لە خوێندن

- هاندانی ئافرەتانی ئێزیدی بۆ بەشداریکردنیان لەکاری رێکخراوەیی بۆ دوورکەوتنەوە لە خەمەکانیان.
- دەبێت بە یاسایەك هەموو کچێکی رفێنراوی ئێزیدی ماف و ئیمتیازاتی زیندانیی سیاسی بیگرێتەوە.
- کارکردن بۆ دیارکردنی بیمەی تەندروستی و دڵنیایی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان».

هێشوو عەلی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت: «وەك مامۆستایەکی زانکۆ بە حوکمی ئەوەی ساڵانێکە لە بواری تەعلیم کارم کردووە، ئامانجم ئەوەیە کە چوومە پەرلەمان یەکێك لە پرۆژەکانم ئەوە بێت کە بە شێوەیەکی تایبەت خزمەتی ئەو ئافرەتانە بکەم کە توانای ماددییان کەمە بۆ خوێندن و بەردەوامبوون لە خوێندن، هەروەها رێژەیەك لەو مووچەیەی وەری دەگرم بە رێژەی ١٥ تا ٢٠٪ تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی دەستگیرۆییان بکەم، بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی داهاتی سەربەخۆی ماددییان نییەو لە لایەن پیاوانەوە دەچەوسێنرێنەوە، یان مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکرێت. بڕیارم داوە هەموو تواناکانم بخەمە خزمەت ئافرەتە گەنجە بەتواناکان کە دەیانەوێ لە بوارێك لە بوارەکانی کارکردن پێشڕەوی بە تواناکانیان بدەن و لە هەمان کاتیشدا داهاتی سەربەخۆیان نییە، یان داهاتێکی کەمیان هەیە، هەرچەند ئەوە کاری لە مێژینەی من بووە و دەستی ئافرەتانم گرتووە، بەڵام لەوانەیە قەبارەی ئەو ئیش و کارانەی لە رابردوودا کردوومە بچووکتر بێت».

لە لای خۆیەوە خەسرۆ گۆران سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و چۆنیەتی بەشداریی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا دەڵێت: «بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کاندیدمان لە هەموو پارێزگاکان ئامادە کردووە، تەنیا لە کەرکوك نەبێت، چونکە لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر قۆناغێکی دیکە هاتە پێشەوە و ئێمەش خوازیاری ئەوە بووین کە هەموو کورد بە یەك لیست بەشداری بکات، بۆ ئەو مەبەستەش چەند کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی هەندێ لایەنی سیاسی نەمانتوانی بگەینە هیچ رێککەوتنێك. ئێمە وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر هەڵوێستی پێشووی خۆمانین و ئەگەر بە یەك لیستی کوردی نەبێت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ناکەین، هەر بۆیەش کاندیدمان لە پارێزگای کەرکوك نییە».

دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ چوار ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٢٥ دوو ئەنجومەن لە عێراق دروست کران، ئەوانیش ئەنجومەنی نوێنەران کە خەڵك دەنگی بۆ دەدات و ئەنجومەنی پیران کە لەلایەن پاشای عێراقەوە دەستنیشان دەکران، هەردوو ئەنجومەنەکەش بەپێی یەکەم دەستووری عێراقی ئەرك و مافەکانیان دیاری کرا.

لە دروستبوونی پەرلەمانی عێراقەوە تا کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ دە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە عێراق ئەنجام دران.

لە نێوان ساڵی ١٩٥٣ تا ساڵی ١٩٥٦ واتە لەماوەی سێ ساڵدا، سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە عێراق ئەنجامدران، ئەوەش بە هۆی ناکۆکیی حکومەتەکەی نوری سەعید لەگەڵ پەرلەمان بوو.

ساڵی ١٩٦٣ کودەتای سەربازیی بەعسییەکان روویدا، دواتر بەعسییەکان دوورخرانەوە، ساڵی ١٩٦٨ بەعسییەکان جارێکی دیکە گەڕانەوە دەسەڵات.

لە سەردەمی بەعسییەکان پەرلەمان ناوی گۆڕدرا بە ئەنجومەنی نشتمانی، بەڵام لە راستیدا ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە سەرۆکایەتیی سەدام حوسێن وەك سەرچاوەی یاسادانان لێی دەڕوانرا.

پەرلەمان لە سەردەمی بەعسییەکان تەنیا بۆ ئەندامانی ئەو حزبە قۆرغ کرابوو، بەوەش هیچ لایەن و پێکهاتەیەکی دیکە لەو پەرلەمانەدا پێگەیەکی نەبوو. ساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی بەعس لایەنەکان بیریان لە دروستکردنی پەرلەمانێکی کارا کردەوە بۆ ئەوەی لەوێوە سیستمێکی پەرلەمانی و چاودێر بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەدا دروست بکەن، کە ناوەکەی کرا بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و تا ئێستاش سێ هەڵبژاردنی بۆ کراوە و لەم خولەشدا ٣٢٨ پەرلەمانتاری هەیە. کە زۆرینەی شیعەن و حکومەتیش دەیان پێشێلکاری دەستووری لە دژی کوردستانییان ئەنجام داوە، کە دیارترینیان بڕینی بودجە و مووچە و جووڵاندنی سوپا و داگیرکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون کە بە نەبەرد و قوربانیدانی هێزەکانی پێشمەرگە لە دەستی تیرۆریستانی داعش رزگار کرابوون.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

# خانمان داوای ڕەخساندنی هەلی کاردەکەن لە شوێنە گشتیەکان

■

**هەتا پێش ئەو قەیرانە داراییەی کە بەغدا بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندوویەتی، هەلی کار و داهاتی خێزانەکان گەلێك باشتر بوو، ژمارەی ئافرەتانیش لە کەرتی تایبەت و دامودەزگەی حکوومی هەتا دەهات زیادی دەکرد، بەڵام ئەو قەیرانە دەرفەتەکانی کارکردنی زۆر کەمتر کردووە، دانیشتووانی کوردستانیش بە خۆڕاگری ڕووبەڕووی بوونەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا خانمان هەوڵی زیاتریان داوە بۆ ئەوەی داهاتی خێزانیان باشتر بکەن، لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن. ئافرەتێکیش بە پێویستی دەزانێت لە هەموو مارکێت و مۆڵەکان تەنیا ئافرەتان فرۆشیار بن، بۆ ئەوەی هەلی کاریان زیاتر بۆ بڕەخسێت.**

■





«هەلی کار بۆ پیاوان زۆرە و ئافرەتان کەمتر دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت هەتا لە دەرەوەی ماڵ و لە کەرتی تایبەت، یان لە کەرتی حکوومی کار بکەن». ئەوە قسەی زارا فەرهاد بوو. وەك خۆی باسیکرد دەرچووی زانکۆیە و ماوەی دوو ساڵە خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە، بەڵام دانەمەزراوە و تا ئێستا کارێکی شیاوی دەست نەکەوتووە. هاوکات پێشنیار دەکات: «پێویستە لە هەموو مارکێت و مۆڵەکان تەنیا ئافرەتان فرۆشیار بن، بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ ئافرەتان زیاتر بێت.» سەبارەت بە خۆیشی دەڵێت: «چەندین ساڵی تەمەنم بۆ خوێندن بووە و حەزدەکەم ئەو هەموو زەحمەت و ماندووبوونەم بەفیڕۆ نەچێت و بتوانم کار بکەم و لە سەر پێی خۆم بوەستم، بۆیە بە پێویستی دەزانم حکومەت ئاسانکاریی زیاتر بۆ کچانی دەرچووی پەیمانگە و زانکۆکان بکات، هەتا بتوانن کار بکەن و باری ئابووریی خۆیان و خێزانیان باشتر بکەن».

رزگار بابان سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی خزمەتگوزاری لە یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان/ لقی کەرکووکە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەم سەردەمە وێڕای پێشکەوتنی زانست و زانیاری و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و کاریگەریی پێشکەوتنەکان لەسەر بارودۆخی ژیانی تاکی کۆمەڵگەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان بە روونی بەر چاو دەکەوێت، بەتایبەتی لەسەر رەگەزی مێ (ئافرەت) لەو وڵاتانە توانراوە بە شێوەیەکی بەرفراوان سوود لە وزەو توانای ئافرەتان ببینرێت و لە سەرجەم بوارەکانی کارکردندا شان بەشانی رەگەزی نێر (پیاو) مەیدانی کار گەرم بکەن. بەڵام لە وڵاتە دواکەوتوو و تازە گەشەکردووەکاندا بەگشتی ئافرەت هێز و وزەو تواناکانی کۆت و بەند کراوە و لە ئاستێکی نەخوازراودایە بە بەراوورد بەو پێشکەوتنەی لەسەر ئاستی جیهان لە رووی پیشەسازی و زانست و زانیاری و کۆمەڵایەتییەوە بوونی هەیە.» هاوکات دەڵێت: «ئافرەت لە کۆمەڵگەی پیاوسالار و ئایینزاکاندا چانسی ئەوەی زۆر کەمە بتوانێ ئەو توانا و هێز و وزەیەی هەیەتی، پێشکەش بە کۆمەڵگەکەی بکات و بتوانێت شابەشانی پیاو بەشێك بێ لە پرۆسەی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەکەی.» سەبارەت بە ئافرەتانی کوردستانیش هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئافرەتی کورد لە سەرەتای بەرپابوونی راپەڕینە پیرۆزەکەی نەتەوەکەمان لە بەهاری ١٩٩١ئومێدێکی لا دروست بوو بەوەی بتوانێت جیاواز لە ئافرەتانی وڵاتانی دەوروبەر کۆت و بەندی دابونەریت تێپەڕێنێت و شانبەشانی پیاو خۆی لە مەیدانەکانی سیاسەت و کاردا ببینێتەوە و چیتر لە سووچی ماڵەوە ژیان بەسەر نەبات ؛ بەڵام لە دوای ٢٧ ساڵ وەك پێویست دەرنەکەوت لە کایەکانی سیاسەت و کار کردندا، ئافرەت بە کۆتا بەشداری کاری سیاسی دەکات و نەیتوانیوە لەمەیدانی کارکردندا وەك پێویست دەربکەوێت، ژمارەی ئافرەتان لە بواری رێکخراوەکانی کرێکاراندا زۆر کەمە. هۆکارەکانی ئەوەش جۆراوجۆرن، بەڵام بەهێزترینیان ئایینیە و پاشان دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و لاوازیی رێکخراوەکانی ئافرەتانە لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە ئەرك و مافەکانیان و خودی ئافرەتیش هەوڵی تەواو نادات بۆ دەرچوون لەو قۆزاخە کۆمەڵایەتییە کۆنەی تیایدا گیری خواردووە، سیستمی سیاسی و ئابووریی وڵاتیش بەشێکی تری کێشەکانی ئافرەتە بۆ ئەوەی بوونی لە مەیدانی کاردا بەو جۆرە لاواز بێت.» گوتیشی: «بۆ ئەوەی بتوانین ئافرەتان بە شێوەیەکی فراوان رابکێشین بۆ مەیدانی کارکردن لە کەرتەکانی گشتی و تایبەت و تێکەڵدا، پێویستە حکومەت بەرنامەو پلانی ستراتیژی هەبێ بۆ هاندانی ئافرەتان بۆ کارکردن لە رێگەی پێدانی قەرزی ماددی بۆ پرۆژەی بچووك و گەورە و راگەیاندنەکانیش دەبێت رۆڵی زیاتریان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان سەبارەت بەو هێزو تواناو وزەیەی کە هەیانە و سوودی لێ نەبینراوە».

**هەلی کار بۆ پیاوان زۆرە و ئافرەتان کەمتر دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت هەتا لە دەرەوەی ماڵ و لە کەرتی تایبەت، یان حکوومی کار بکەن**

**لە ئێستادا بەرەوپێشچوونی زیاتر لە کارکردنی ئافرەتان دەبینددرێت و لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان ئافرەت شان بە شانی پیاو کار دەکات، تەنانەت خاوەن پرۆژە و دووکان و مۆڵن**

**پێویستە لە مۆڵ و مارکێتە گشتییەکان رێژەیەکی زیاتری ئافرەت بخرێنە بەرکار، چونکە ئافرەتان دەتوانن زۆر ئاسانتر لەپیاوان لەگەڵ ئەو ژینگەیە خۆیان بگونجێنن کە ئەرکی تێدا وەردەگرن**



حەسیبە سەعید، مامۆستایە لە پەروەردەی سۆران و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «جوراوجۆریی لە رەگەز فاکتەرێکی گرنگی سەرکەوتنی هەر رێکخراوێکە، هەروەك چۆن هەبوونی شارەزایی و تەمەن پێویست و گرنگە، دامەزراندنی ئافرەتان لە بواری فرۆشتن و بازارگەری، یان لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و کاری بازرگانی زۆر سوودی هەیەو ئاماری ٥٠٠ کومپانیای سەرکەوتوو لە هەموو دنیا پێشانی دەدات کە رێژەیەکی بەرچاوی بەڕێوەبەرانی ئەم کومپانیا سەرکەوتووانە ئافرەتن. هەروەها شارەزایانی بواری بزنس دەڵێن ئافرەت زۆر کاریگەرترو سەرکەوتووتر رووبەڕووی مەترسییەکان دەبێتەوە لەکاتی روودانیان و بەشێوەیەکی باشتر رەفتار دەکەن لەگەڵ کڕیاران و گرنگییان پێ دەدەن و زیاتر لە پێویستییەکانی ژنان شارەزان و دەتوانن یارمەتیدەر بن لە باشترکردن و بەرەوپێش بردنی خزمەتگوزارییەکان بەپێی خواستی بەکاربەر .» گوتیشی: «ئامارەکان پێمان دەڵێن کە ئافرەتان ٧٠٪ی دروستکردنی بڕیاری کڕین لەلایەن بەکاربەرانەوە لە ئەوروپا و ٨٠٪ لە ئەمریکا پێك دەهێنن، ئەمەش بۆتە هۆی بووژانەوەی زیاتری کەرتی بازرگانی لەو وڵاتانە و پێویستە لە کوردستانیش گرنگییەکی ئەوتۆ بدرێتە ئافرەتان لە بواری بازرگانی و فرۆشتن و بەڕێوەبردنی شوێنە بازرگانییەکان. هەروەها ئافرەتان لە رووی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانەوە زۆر سەرکەوتووترن لە پیاوان، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنیان لە بواری فروشتن و کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی جیاواز هەن کە پێمان دەڵێن ئەو گرووپانەی کە لە هەردوو رەگەز پێکهاتوون سەرکەوتووترن لەو گرووپانەی کە تەنیا رەگەزی نێری تێدایە، چونکە ئەو گرووپانەی کە تێکەڵاویی رەگەزییان هەیە، شارەزاییان دەبێت لە بوارە جیاوازەکان و ئەوەش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی زیاتر، هەروەها ستیومارتین لە لێکۆڵینەوەیەکی خوی لە گۆڤاری هاروارد بزنس، باسی لە کۆمەڵە فاکتەرێك کردووە بۆ زیادکردنی فرۆشتن و سەرکەوتنی کۆمپانیاکان، لە دیدی ئەو، ئافرەتان باشتر و کاراتر و سەرکەوتووترن لە پیاوان و گوێڕایەڵترن بو بەدەستهێنانی شارەزایی نوێ، لە رووی پەیوەندی لەگەڵ کڕیارانیش سەرنجڕاکێشتر و بەتواناترن، جگە لەمەش بڕوا بە خۆ بوون لە نێو ئافرەتان زیاترە بۆ ناساندن و بڕوا پێکردن لە رووی باشی و کوالێتی ئەو بەرهەمەی کە دەیفرۆشێ، هەروەها لە رووی ئەخلاقی کارکردن و پاراستنی کەلوپەل و راستی و دروستی لە کارکردن بە رێژەیەکی بەرچاو لە پێش پیاوان دێن. لەبەر ئەم هۆکارانە و فەراهەمکردنی هەلی کارو دابەزاندنی رێژەی بێکاری، پێویستە لە مۆڵ و مارکێتە گشتییەکان رێژەیەکی زیاتری ئافرەت بخرێنە بەرکار، چونکە ئافرەتان دەتوانن زۆر ئاسانتر لەپیاوان لەگەڵ ئەو ژینگەیە خۆیان بگونجێنن کە ئەرکی تێدا وەردەگرن.»

ئابووریناس هونەر شێخ لەنگەری، سەبارەت بە هەمان پرس رایوایە: «لە ئێستادا بەرەوپێشچوونی زیاتر لە کارکردنی ئافرەتان دەبیندرێت و لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان ئافرەت شان بە شانی پیاو کار دەکات، تەنانەت خاوەن پڕۆژە و دووکان و مۆڵن. هەروەها شۆفێری دەکەن، کرێکاری و فرۆشیاری دەکەن، یان زۆر کارگە هەیە کە ئافرت خاوەنیەتی، یان سەرپەرشتی دەکات.» هاوکات دەڵێت: «لە رابردوودا بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵگەوە ئافرەتان نەیاندەتوانی کار بکەن، دەترسان لەلایەن خەڵکەوە لۆمە بکرێن، یان قسە و قسەڵۆکیان بۆ دروست بکەن، بەڵام ئێستا ئەو بەربەستانە نەماون و دیدی کۆمەڵگە گۆڕاوە، ئافرەتانیش سەلماندوویانە کە لە پیاو دڵسۆزترن لە ئەنجامدانی ئەرك و کاریان، لە بەڕێوبردنیش زیرەکتر و پاکتر و باشترن.» گوتیشی: «لە دروستبوونی حکومەتی کوردستانەوە لایەنی پەیوەندیدار هەلی جۆراوجۆریان بۆ کارکردن و دامەزراندنی ئافرەتان رەخساندووە، تەنانەت وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی و ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی پەرلەمانتارمان هەیە و بە باشی کاریان خۆیان دەکەن.

**کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی جیاواز هەن کە پێمان دەڵێن ئەو گرووپانەی کە لە هەردوو رەگەز پێکهاتوون سەرکەوتووترن لەو گرووپانەی کە تەنیا رەگەزی نێری تێدایە**

**ئافرەت زۆر کاریگەرترو سەرکەوتووتر رووبەرووی مەترسییەکان دەبێتەوە لەکاتی روودانیان و بەشێوەیەکی باشتر رەفتار دەکەن لەگەڵ کریاران و گرنگییان پێ دەدەن و زیاتر لە پێویستییەکانی ژنان شارەزان**

**ژمارەی ئافرەتان لە بواری رێکخراوەکانی کرێکاراندا زۆر کەمە. هۆکارەکانی ئەوەش جۆراوجۆرن، بەڵام بەهێزترینیان ئایینیە و پاشان دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و لاوازیی رێکخراوەکانی ئافرەتانە لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە ئەرک و مافەکانیان**